# خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئاسمانەکان بە دەستی ڕاستی دەپێچێتەوە ودەفەرموێت: من پادشام لە کوێن سەرکوتکەرەکان؟ لە کوێن خۆبەگەورەزانەکان؟ پاشان زەوییەکان بە دەستی چەپی دەپێچێتەوە ودەفەرموێت: من پادشام لە کوێن سەرکوتکەرەکان؟ لە کوێن خۆبەگەورەزانەکان؟

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئاسمانەکان بە دەستی ڕاستی دەپێچێتەوە ودەفەرموێت: «من پادشام لە کوێن سەرکوتکەرەکان -ستەمکەرەکان-؟ لە کوێن خۆبەگەورەزانەکان؟ پاشان زەوییەکان بە دەستی چەپی دەپێچێتەوە ودەفەرموێت: «من پادشام لە کوێن سەرکوتکەرەکان؟ لە کوێن خۆبەگەورەزانەکان؟».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: خوای گەورە حەوت ئاسمانەکە بە دەستی ڕاستی وحەوت زەوییەکە بە دەستی چەپی دەپێچێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، وکاتێک هەریەکیان بپێچێتەوە بانگی ستەمکارەکان وسەرکوتکەرەکان وخۆبەلزانەکان دەکات بۆ ئەوەی بچووکیان دەربکەوێت ودەربکەوێت تەنها ئەو زاتە مەزنە خاوەنی موڵک ڕاستەقینەی هەموو شتێکە وهەرگیز لاواز نابێت و لەناو ناچێت، وهەرشتێک یان کەسێک جگە لە خوای گەورە لە پادشا وزێر دەستەکان دادپەروەر یان ستەمکار بن ئەوا نامێنن وبە زەلیلی دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاری مەزن، وخودا پرسیاری لێناکرێت کە چی دەکات بەڵام بوونەوەرەکان لێپرسینەوەیان لێدەکرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3387